# دادگاییکردنی جەلاد
# یان دادگاییکردنی عەدالەت

## عەدالەت لەڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان



موحسین ئەدیب

(هەمووتان دەزانن کە خولیای عەدالەت ئەوەیە، گوناهبارەکان بگرێتو سزایان بدات، بەڵام گەر عەدالەت بە وردی جێبەجێبکەین، مانای ئەوەیە دەبێت هەموو گوناهبارەکان سزا بدەین، دەبێت بۆ هەموو گوناهێک سزایەکمان هەبێت، بەڵام ئینسان بەردەوام گوناه دەکات.... هیچ مرۆڤێک نییە شایستەی سزا نەبێت، هەموو شایستەی سزاین، بەڕێزینە عەدالەتی ڕاستەقینە ئەم سەرزەمینە دەگۆڕێت بۆ جەهەننەم، هیچ شتێک وەک ئەم وشەیە زەویی پڕنەکردووە لە ئافات، عەدالەت ئینسان دەگێڕێتەوە بۆ وەحشییەت، عەدالەت وادەکات ئیشی ئینسان ببێتە سزادان،.... سزادان، سزادانێکی بێکۆتایی، سزابدرێیتو سزا بدەیت، ئەوەیە عەدالەت، بەڵام ئینسان دەبێت لەشوێنێکدا بوەستێتو چیتر بیر لە عەدالەت نەکاتەوە)_١_ ئەم پەڕەگرافەی سەرەوە لە کۆتایی لاپەڕە (٥١٨)ی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی)و لە سەر زاری (حەلیم شێواز) هاتووە، کە یەکێکە لەو (٩) قوربانییە، یان ڕاستتر بڵێم (١٠) قوربانییە (چونکە خودی ئەو کاراکتەری ڕۆڵی دادوەر دەبینێت، بۆ خۆشی یەکێکە لە قوربانییە بێوێنەکان)و ئێستا دوور لە چوار دیواری دادگا ڕەسمیو تەقلیدییەکانو بەحساب نەکردن بۆ تێکستە قانوونییەکان، یەکێک لە جەللادە سەرسەختەکانی خۆیان دادگایی دەکەن، کە تا ئەوپەڕی مانای جەللادبوون جەللادەو ناوی (سامیری بابلی)یە.

(سامیری بابلی)، جگە لەوەی جەللادێکی کەم وێنەیە، هاوکات یەکێکە لەو ئەندازیارانەی بەو پەڕی دڵسۆزیو دڕندەییەوە (پرۆسەی ئەنفال)ی دژی کورد جێبەجێکردووە، بەڵام ئێستا بەبێ هیچ فشارێکی دەرەکی، خۆی ڕادەستی چەند قوربانییەکی خۆی کردووەو ئەوانیش بە ئازادیی خۆیان دادگایی دەکەن.

ئەوەی پێویستە سەبارەت بەو دادگایە لە سەری بوەستین، ئەو دادگایە، لە هیچ ڕوویەکەوە لە دادگا تەقلیدییەکان ناچێت چونکە:

١.ئەو دادگایە بەبێ حسابکردن بۆ تێکستە قانوونییەکانو لە دەرەوەی چوارچێوەی هۆڵی دادگا ڕەسمییەکان بەڕێوەدەچێت.

٢.بەبێ بوونی دادوەرو پارێزەرو جێگری داواکاری گشتی، قوربانییەکان ڕاستەوخۆ جەللادەکەی خۆیان دادگایی دەکەن (بەڵام زۆر لەو دادگا تەقلیدیانە زیاتر عەدالەتو مافی مرۆڤ و ئازادیی تێدا بەرجەستەیە).

٣.لە پێناو پاککردنەوەی خۆیدا تاوانبار بەویستی خۆی، خۆی تەسلیمکردووەو داوا لە قوربانییەکانی دەکات دادگایی بکەن.

٤.دادگا پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبار، چونکە تۆمەتبارەکە خۆی دانی بەتاوانەکانیدا ناوە، واتە لەم دادگەیەدا تۆمەتبار بوونی نییە، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە تاوانبار بوونی هەیە، بۆیە لە بری ئەوەی دادگا لە ڕێگای بەڵگەوە هەوڵی تاوانبارکردنی تۆمەتبار بدات، قسە لەسەر ئەوە دەکات، ئایا پێویستە تاوانبار سزا بدرێت، یاخود ئازاد بکرێت؟ عەدالەت کامیان دەخوازێت؟

٥.وەک دەرئەنجامی ئەو (٤) جیاوازییەی سەرەوە لەوانەیە بەرجەستەترینو جەوهەریترین جیاوازییش کە لەو دادگا ناتەقلیدییەوە سەرچاوە دەگرێت ئەوەیە، کە چەندێک لەو دادگاییەدا (جەللاد) دادگایی دەکرێت، بەهەمان ئەندازەش خودی (عەدالەت) دادگایی دەکرێت، ئەمەش چەندین پرسی جدیمان سەبارەت بەچەمکی عەدالەت لا دەوروژێنێت (دەشێت هەر ئەم پرسانەش وایکردبێت ئەم نووسینە لەدایک ببێت)، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە، وێڕای ئەو جیاوازییە جەوهەرییانەش لە نێوان ئەو دادگایەو دادگای تەقلیدی (دادگاکانی دەسەڵات)دا، سەیر لەوەدایە کە هەردووکیان یەک دەرئەنجامیان هەیە، واتە وەک چۆن جەللادو بکوژ لە دادگای تەقلیدیو ڕەسمیدا دەکوژرێتەوە، لە دادگا نا تەقلیدییەکەی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)یشدا، هەمان چارەنووس چاوەڕوانی بکوژو جەللاد دەکات، ئەم دەرئەنجامە تەقلیدییە لەم دادگا نا تەقلیدییە بۆ؟ ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ وەڵامی ئەم پرسە، کە بەڕای من گرنگترین پرسو لوغزی گوتاری ئەو ڕۆمانەیە.

## جەللادو قوربانی، کارو پەرچەکردار یان وێنەی جەللاد لە قوربانیدا

خوێنەری ئەو ڕۆمانە لە حوکمی کۆتایی ئەو دادگایە سەری سوڕدەمێنێت، چونکە کۆی تانوپۆی ڕۆمانەکە، سەرجەم ئەو دراوانەی کە لەو تێکستەدا خراونەتە ڕوو، جۆرو تایبەتمەندیی دادگاییەکە ئەوەمان پێدەڵێن، نابێت حوکمەکە بەو جۆرە دەربچێتو بەوجۆرە جێبەجێبکرێت، چونکە بیرمان نەچێت ئەو بۆچوونەی حەلیم شێواز کە کردوومانەتە سەرەتای ئەم نووسینە، بەتەنها بۆچوونی (حەلیم شێواز) ی قوربانی نییە، بەڵکو ڕای (٣) قوربانی دیکەو هاوکات مامۆستا ڕۆحییەکەی جەلادەتی کۆتر (دکتۆر موسای بابەک)و خودی سامیری بابلی جەللادو چەند کاراکتەرێکی دیکەی ڕۆمانەکەیە، کە هەریەکەیان بەئەندازەی هۆشیاریو لە ڕوانگەی جیهانبینیی خۆیانەوە جەخت لەسەر هەمان بۆچوون دەکەنەوەو دوور لە هیچ فشارێکیش تا ئەوپەڕی بەرگری لەوە دەکەن کە عەدالەتو جوانی ئەوە دەخوازن قوربانی وەک جەللاد نەبێت، هاوکات خودی جەلادەتی کۆتریش کە جارێک قوربانیو جارێک دادوەرو جارێک ڕێکخەری دادگا نا تەقلیدییەکەیە، هەمان بۆچوونی هەیەو لەسەر ئەوە گۆشکراوە کە نابێت قوربانییەکان ببنە وێنەیەکی کۆپیکراوی جەللادەکانیان و هەمان کاری ئەوان دووبارە بکەنەوە.

لێرەدا دەکرێت ئیستێک بکەینو بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای یەکترناسینی (جەلادەتی کۆتر) و (دکتۆر موسای بابەک) کە دووەمین مامۆستاو ڕێنوێنیکاری جەلادەتە (دەکرێت ئیسحاقی لێوزێڕین

بەیەکەم مامۆستای لەقەڵەم بدەین)و کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بیرکردنەوەو ئاڕاستەی ژیانی هەیە. لەو سەرەتایەدا کە (جەلادەتی کۆتر) بە ئەندازەی تاوانو دڕندەییو جەللادی (سامیری بابلی) دەزانێت، وەک هەر تاکێکی ئاسایی دونیایەک ڕقو گرێی تۆڵەسەندنەوەی تێدا دەوروژێت بەرامبەر جەللادەکەی، هەر ئەمەش وادەکات لەو بارەیەوە لەگەڵ (موسای بابەک)دا بکەوێتە مشتومڕێکی تولانییەوە.

(موسای بابەک)، هەر لە دەسپێکی قسەکانیدا دەیەوێت گرێی تۆڵەسەندنەوە لەناخی جەلادەتی کۆتردا بکوژێت، بۆیە بەر لەهەر شتێک جیاوازیی نێوان جەللادو فریشتەی بۆ ڕووندەکاتەوە، بەبۆچوونی دکتۆر موسای بابەک (جەللاد ئەو کەسەیە کە مافی ئەوەی نییە خەڵک بکوژێت، بەڵام خەڵک دەکوژێت، لە کاتێکدا فریشتە ئەو کەسەیە کە مافی تۆڵەسەندنەوەی هەیەو تۆڵە ناکاتەوە، (ش.م.س ل١٩٤)_٢_ لێرەوە ئەو هێڵە زۆر بەئاشکرا ڕووندەبێتەوە کە (دکتۆر بابەک) لە ڕوانگەیەکی مرۆییو ئەوپەڕی تۆلارینسییەوە جیهانبینیی خۆی دەخاتە ڕوو، هیچ جۆرە مەرامو ترسو دڵەڕاوکێو گرێی خۆ بەکەم زانین لە پشت بۆچوونەکانییەوە نییە، بابەک بڕوای بە جیاوازیی جەوهەریی نێوان جەللادو قوربانی هەیە، ئەم جیاوازییەش بەدوو ئاڕاستە بەرجەستە دەبێت:

یەکەم: جەللاد لەوپەڕی (بەهێزی)دا لاوازە، چونکە مافی کوشتنی خەڵکی نییەو خەڵک دەکوژێت، تەنها ئامانجیشی لە کوشتنی خەڵک شاردنەوەی لاوازییەکەیەتی. بەڵام ترۆپکی بەهێزیی فریشتە ئەوکاتەیە کە توانای تۆڵەسەندنەوەی هەیەو تۆڵەناکاتەوە، واتە بەهێزی خۆی لە لێبووردەبونیدا بەرجەستە دەبێت، بەمانا بوونی مافو نەبوونی ماف، چۆنییەتیی بەکارهێنانی مافو چۆنییەتیی بەکارنەهێنانی، هێڵی سەرەکیی جیاکەرەوەی نێوان جەللادو قوربانییە.

دووەم: لێبووردنو لێبووردەیی کاتێک گرنگە، کە تۆ توانا یان مافی ئەوەت هەبێت تۆڵە بکەیتەوە، بەڵام بۆ خۆتو بەبێ هیچ فشارێک دەست لەو مافەی خۆت هەڵگریتو تۆڵە نەکەیتەوە، ئەگینا لێبووردەیی لە ئانوساتی لاوازییو نەبوونی مافدا مانای حەقیقی خۆی لەدەست دەداتو دەبێتە جۆرێک لە ڕووپامایيو خۆخەڵەتاندن (وەک ئەوەی ئەمڕۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەردەوام باس لەوە دەکەن ئەوان خوازیاری ئەوەن بەئاشتییانە لەگەڵ دەرو دراوسێکاندا بژین، بەڵام ئەم قسەیە هیچ جەوهەرو مەغزایەکی نییە، چونکە پێگەی کورد بەرامبەر دەوڵەتانی دراوسێ لاوازە، ئەم قسەیە کاتێک گرنگی پەیدا دەکرد کە کورد خاوەنی هێز بوایە).

هەربۆیە بەلای (دکتۆر موسای بابەک)ەوە، زۆر گرنگە جەلادەت جیاوازیی جەوهەریی نێوان جەللادو قوربانی بزانێت، بۆ ئەوەی بیر لەدووبارەکردنەوەی کاراکتەری جەللاد نەکاتەوە، چونکە یەکێک لە خەونو خولیا سەرەکییەکانی جەللاد ئەوەیە، وێنەی خۆی لەناخی قوربانییەکانیدا سەوز بکات، لێرەوەیە (حەلیم شێواز)، لە گەرمەی مشتومڕەکانی (شەوی حیساب)دا (شەوی دادگاییکردنی سامری بابلی) بەرگری لە لێبووردەیی دەکاتو لە وەڵامی ئەوانەدا کە بڕوایان بە تۆڵەو کوشتنەوەی بابلی هەیە دەڵێت ( ئێوە وادەزانن تەنها کوشتن سزایە، ئێوە بەهەڵەدا چوون، جەللاد وای لەئێوە کردووە وەک ئەو بیر بکەنەوە، ئێوە ئێستا حاکمی دادگان، نەوەک جەللاد (ل٥١٩)_٣_ لەم قسانەی حەلیم شێوازدا چەندین مەغزای گرنگ هەیە، بەڵام گرنگترینیان بریتییە لەوەی (شێواز) زۆر غەمی عەدالەت دەخواتو نایەوێت وەک هاومانای (تۆڵە) بخوێنرێتەوە، (واتە بەپێچەوانەی ئەوەی کە خوێنەری سادە واتێدەگات کە حەلیم، شێواز عەدالەت بە ڕەهایی ڕەتدەکاتەوە)، دووەم مەغزای ئەوەیە، کە نابێت قوربانی لەپێناو تێرکردنی غەریزەی تۆڵەدا ببێتە جەللاد، چونکە ئەمە دواجار خەونی سەرەکیی جەللادە کە بەتەنها خۆی جەللاد نەبێت، بەڵکو قوربانییەکانیشی وەک خۆی لێبکات، واتە بەتەنها جەللاد بەتەنها قوربانی سزا نادات و نایکوژێت، بەڵکو هەوڵیش دەدات کە کاراکتەری خۆشی تێدا سەوز بکات.

بەڵام دەبێت لەوەش بپرسین بۆ موسای بابەک جیاوازیی لە نێوان (جەللاد)و (فریشتە)دا دەکات، بۆ نموونە، لە بەرامبەر جەللاددا (مرۆڤی لێبووردە)

یان (قوربانی لێبووردە) دانانێت؟ بەبۆچوونی من لەوانەیە ئەمە پەیوەندیی بە (٣) خاڵەوە هەبێت:

یەکەم: پێدەچێت (موسای بابەک) بەتەرحکردنی دالی (فریشتە) بیەوێت زیهنییەتی (جەلادەتی کۆتر)و خوێنەر بەرەو خاڵێک ببات کە پێویستە مرۆڤەکان پێی بگەن، ئەمەش بەدوو ئاراستە، یەکەمیان ئەوەیە کە چەندێک دەسەڵاتو کۆمەڵگە سەرقاڵی بەجەللادکردنی مرۆڤن، دەبێت ئێمەش بەهەمان ئەندازە سەرقاڵی بە فریشتەکردنی مرۆڤ بین، بێگومان ئەمەش بەتەرحکردنی چەمکی (بەفریشتەبوون) دەبێت، لێرەشەوە دەتوانین مرۆڤی لێبووردە بخولقێنینو زیهنییەتی لە فریشتە نزیکبکەینەوە. پێم وایە کۆی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، هەوڵێکە بۆ کوشتنی ڕۆحییەتی جەللادبوون لای تاکی کورد (کە زۆربەی کێشەکانی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت)و سەوزکردنی ڕۆحییەتی لێبووردەیی تیایدا، بێگومان ئەمەش بە تەرحکردنی نمونەیەکی باڵای وەک فریشتەو هەوڵی بە فریشتەبوون دەبێت، بەمانا چەندێک جەللاد لە هەوڵی بەجەللادکردنی قوربانیدا کاردەکات، ئێمە دەبێت بەپێچەوانەوە هەوڵی بەفریشتەکردنی بدەین، هەر بەمەش دەتوانین هاوکێشەکە هاوسەنگ بکەینو مرۆڤێکی ئاسایی دروست بکەین، چونکە بەفریشتەبوونی مرۆڤ کارێکی مەحاڵە. لێرەوەیە سامیری بابلی وەک کەسێک کە تا ئەوپەڕی قۆناغی جەللادبوون ڕۆیشتووەو ئێستا لە ناخەوە پەشیمانە، زۆر بە قووڵی هەست بەم حەقیقەتە دەکاتو زۆر بەپەرۆشەوە بە جەلادەتی کۆتر (زیندانەوانو دادوەرو پارێزەرو هاوڕێ)ی دەڵێت (من دادگاکان ئازادم بکەن یان نا، ئازاد نابم، ئادەمیزادەکان لێم ببوورن یان نا پاکنابمەوە.. مرۆڤ کە جارێک گوناهی کرد دەبێت تاکۆتایی گوناهبار بێت، بەڵام عەدالەت ئەوەیە قوربانییەکان وا بیر نەکەنەوە، عەدالەت ئەوەیە تۆ کۆمەکم بکەیت، پاک ببمەوە هەتا، ئەگەر ئەو پاکبوونەوەیە ئەستەمیش بێت، (ش، م، س لا٣٧٥)_٤_ خەمی جەوهەریی (سامیری بابلی) ئەوە نییە بۆچوونی کۆتر بگۆڕێتو لیی خۆشببێت، بەڵکو بەڕاستی خەمی ئەوەیەتی کە قوربانییەکەی وێنەی ئەو دووبارەنەکاتەوە (بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە لەدوای دەرکردنی بڕیاری کوشتنیشی لە (شەوی حیساب)دا، جەلادەتی کۆتر هەلی دەربازبوون بۆ بابلی دەڕەخسێنێت، بەڵام بابلی ئامادە نییە ڕابکاتو ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە، وەک پاشتر ئەمە ڕوونتر دەکەینەوە) خەمی جەوهەریی بابلی ئەوەیە پاک ببێتەوە، بەڵام نایەوێت پاکبوونەوەی ئەو یەکسان بێت بە پیسبوونی جەلادەتی کۆتر، بۆیە لە درێژەی وتووێژەکاندا بابلی بەکۆتر دەڵێت: (من باوەڕم بەعەدالەتی تۆیە، تۆ لە هەموو دادگاکانی تری دونیا عادیل تریت، بەڵام گەر مردم نامەوێت تۆ جەللادم بیت، جەلادەت سوێندم بۆ بخۆ تۆ حوکمی مردن نەدەیت بەسەرمدا، من گوناهەکانم چەند گەورە بن، نابێت تۆ حوکمی مەرگ بدەیت بەسەرمدا، دەبێت لێمببووریت، نا لەبەر ئەوەی من پێویستیم بەو لێبووردنەیە، بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی تۆ پێویستیت بەو لێبووردنەیە، نا لەبەر ئەوەی ئەو لێبووردنە پلەو پایەت لەلای خودا بەرزدەکاتەوە، بەڵکو ئەو لێبووردنە تەنیا ڕێگایەکە تۆ دەتوانیت پیای بڕۆیت، نە لەبەر ئەوەی من شایستەی لێبووردنم، بەڵکو لەبەر ئەوەی تۆ شایستەی بەخشندەییت، (ش، م، س لا ٣٧٥)_٥_ واتە بابلی خۆی باش دەزانێت کە شایستەی ئەوە نییە ببەخشرێت، بەڵام ئەزمونی ژیانی خۆی ئەوەی فێر کردووە کە دەبێت قوربانییەکان لێبووردەبن، واتە، پێویستە قوربانییەکان بەخشندە بن نەک لەبەر ئەوەی جەللادەکان شایستەی لێخۆشبوونن، بەڵکو لەبەر ئەوەی قوربانییەکان پێویستیان پێیەتی.

دووەم: لەوانەیە موسای بابەک یان ڕۆماننووس بیەوێت لەڕێگەی ئەم جیاوازییەوە دڕندەیی جەللادمان بۆ ڕوونبکاتەوە، واتە جەللاد هێندە دڕندەیە کە بەبەراوردکردن لەگەڵ فریشتەدا نەبێت پێناسە ڕاستەقینەکەی بەرجەستە نابێت.

سێیەم: لەوانەیە موسای بابەک، یان نووسەری ڕۆمانەکە بۆ خۆی بڕوای بەوە نەبێت کە مرۆڤێک هەبێت، یان ڕاستتر بڵێین قوربانییەک هەبێت لە کاتی بوونی هێزدا لەجەللادەکەی خۆی ببوورێت، ئەشێ ئەم بڕوایەش یەکێک بێت لەهۆکارەکانی کوشتنەوەی (سامیری بابلی)ی جەللاد لەلایەن

قوربانییەکانەوە ،(هەرچەندە بەڕای من ئەمە هۆکاری ڕاستەقینەی کوشتنەوەی بابلی نییە، بەڵکو هۆکارێکی جەوهەریی دیکە هەیە کە پاشان هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەدەم).

دکتۆر بابەک بەردەوامە لە خستنە ڕووی بینشی خۆی سەبارەت بە لێبووردەیی بۆ جەلادەتی کۆترو لە درێژەی مشتومڕەکەیاندا پێی دەڵێت (گەورەترین ئازارێک مرۆڤ دەیچێژێت پەشیمانیی ڕاستەقینەیە، هیچ سزایەکی دەرەکی وەک پەشیمانی، مرۆڤ لە ناوەوە پاکناکاتەوە، (ش.م.س لا ١٩٤)_٦_ لێرەوە بابەک دەیەوێت بڵێت دواجار جەللادیش مرۆڤەو ئێمە دەبێت چانسی ئەوەی پێبدەین پەشیمان ببێتەوە، ئەمەش دیوێکی دیکەی لێبووردەییە کە تۆ بواری ئەوە دەڕەخسێنیت جەللاد بۆ خۆی هەست بەپەشیمانی بکاتو هەر پەشیمانییشە، سزای جەللاد، واتە دەبێت جەللاد خۆی سزای خۆی بدات نەک ئێمە، چونکە ئەگەر ئێمە سزاماندا ئەوا ئێمەش لەگەڵ جەللاددا هیچ جیاوازییەکمان نابێت، بۆیە بەخشینی چانسی پەشیمانبوونەوە بەجەللاد، هەوڵێکە بە دوو ئاڕاستە.

یەکەم: دوورخستنەوەی جەللاد لە جەللادبوون، دووەم: دوورخستنەوەی قوربانی لە بەجەللادبوون. هەر بۆیە هۆشداریی دەداتێ (تۆ دەبێت لەوە تێبگەیت سزای هیچ کەس لای تۆ نییە ·ش.م.س لا ١٩٤)_٧_

## پێناسەکردنەوەی چەمکی عەدالەت

### (عەدالەت)و (تۆڵە)
### (عەدالەت)و (جوانی)

ئەوەندەی من بتوانم تانوپۆی گوتاری ئەو ڕۆمانە پێکەوە گرێبدەمەوە، پێموایە یەکێک لە هەوڵە سەرەکییەکانی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکو خولیای عەدالەتە، پێشموایە کۆی ڕووداوو کارەکتەرەکانی ئەو دەقە ئامرازێکن بۆ خزمەتکردن بەو ئامانجە، کە سەرلەنوێ بونیاتنانەوەو پێناسەکردنەوەی چەمکی عەدالەتە، واتە لەو ڕۆمانەدا عەدالەت کەڕەتی سفر ناکرێت، بەڵکو سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە.

بێگومان ئەمەش بەدوو شێواز کاری لە سەر کراوە:

### دادگاییکردنی خودی چەمکی عەدالەت:

ئەم مەسەلەیە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە وتووێژەکانی نێوانو بابەکو کۆتردا بەزەقی دیارە، بەڵام زەقترو ئاشکراتر لە (شەوی حیساب) دا دەردەکەوێت، بەجۆرێک واهەست دەکەیت ئەو دادگایە (دادگا ناتەقلیدییەکە)، بۆ دادگاییکردنی (جەللاد) نییە ئەوەندەی بۆ دادگاییکردنی خودی چەمکو خولیای (عەدالەت)ە، بێگومان ئەمەش لە پێناو دروستکردنی گوماندایە لە سەر چەمکێک کە پاڵنەری هەزاران جەنگە لە مێژوودا، بیانووی حەڵاڵکردنی خوێنی ملیۆنەها کەسە لە مێژووی کۆنو نوێدا، هەر لە ڕێگەی عەدالەتو خولیای عەدالەتەوەیە مرۆڤەکان فریودراونو بەڵێنی دروستکردنی بەهەشتی جۆراجۆر دراوە بەگوێیانداو، بەوە هەڵخەڵەتێنراون کە ئایینو سیاسەتو سەرکردەکان زەوییان بۆ دەکەنە مەملەکەتی عەدالەت، بەڵام دەرئەنجامەکە پێچەوانە دەبێتەوەو ئەوەی بەڵێنی بەرقەرارکردنی عەدالەتی داوە دۆزەخ دەخولقێنێت، لەم جیهانبینییەوە بابەک دەیەوێت جەلادەتی کۆتر لەجەوهەری مەسەلەکان تێبگەیەنێتو ڕاشکاوانە پێی دەڵێت: (گەمژە ئەو کەسانەن کە چاوەڕوانن سیاسیەکان عەدالەتیان بۆ بێنن، ئەو گەمژانەن دونیایان وێرانکرد، دەبێت چەند بێمێشک بن ئەو بەشەرانەی چاوەڕوانن سەرۆکە گەمژەکانیان عەدالەتیان بۆ بێنن، ئەوان تێناگەن کە شەیتان دەتوانێت ملیۆنێک جار لە ڕووخساری خودادا بەرجەستە ببێت، ملیۆنێک جار و پێشی نەزانین، هەموو مێژووی مرۆڤایەتی حیکایەتی ئەو پێڕابواردنە گەورانەیە کە شەیتان لەگەڵ مرۆڤدا دەیکات، هەمیشە مرۆڤ بەناوی خوداوە دەیکاتە شەڕ، دەیکاتە خوێنڕشتن، دواتر کە هەموو شتێک تەواو دەبێت کە خوێن تا بینە قاقا دەگات لەوسەر شەیتان دەمامکەکەی لادەباتو دەڵێت: هەلاو کورگەل، یووهوو من شەیتان بوومو خودا نەبووم..... (ش.م.س لا ١٩٦) _٨_هەر دوای ئەوە ڕاستەوخۆ پێی دەڵێت: (نا جەلادەت نە قانوون نە دین نە

سیاسەت پەیوەندییان بە دادپەروەرییەوە نییە..... (ش.م.س لا ١٩٦)_٩_. بێگومان هەرچەندە ئەم قسەیە لەدیوێکدا هەزمکردنی قورسە، بەڵام هاوکات هەرکەسێک شارەزایی لە زانستی یاساو قوتابخانە یاساییەکاندا هەبێت ئاسایی وەریدەگرێت، چونکە هەر بەنموونە، قوتابخانەی وەسفی کە یەکێکە لەقوتابخانە سەرەکییەکانی زانستی یاسا بەتەنها بڕوای بە یاسای ئامادە هەیە، واتە ئەو یاسایەی دەسەڵات پەیڕەوی لێدەکات ئیدی بەبێ حسابکردن بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی دیموکراسی یان دیکتاتۆری بێت، بەبێ حسابکردن بۆ ئەوەی کە ئەو یاسایە لەگەڵ ماهییەتی عەدالەتدا وێک دێتەوە یاخود نا؟ گرنگ ئەوەیە سیفەتێکی ڕەسمیی هەبێتو بەس. (دکتۆر حەسەن عەلی زەنون فلسفه القانون لا٩٨)_١٠_.

هەروەها (قوتابخانەی وەزعی) ش دژی ئەوەن کە لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەریدا قوربانی بە یاسا بدەن، واتە یاسا لە پێش عەدالەتەوەیە، هەر لێرەشەوەیە ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە دژی ئەوەن شۆڕش دژی دەسەڵاتی ستەمکار بکرێت، (دکتۆر حەسەن عەلی زەنون فلسفه القانون لا١٦٧). هەریەک لە هۆبزو هیگلێش پێیان وایە دەوڵەت سەرچاوەی یاساو عەدالەتیشەو یاسا وەک ئامرازێک تەماشا دەکەن بۆ ملکەچکردنی خەڵک، دکتۆر حەسەن عەلی زەنون فلسفه القانون لا٩٧) _١١_. واتە دەشێت بڵێین، کاتێک دکتۆر موسای بابەک ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە یاساو ئایینو سیاسەت (کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییەو هەموویان تەواوکەری یەکدین) دادپەروەری بەرجەستە بکەن هەر لە خۆوە نییە، بەڵکو باکگراوندێکی هەیە.

پاشان بابەک زیاتر مەبەستی خۆی ڕوونتر دەکاتەوە (جوانی تەنها شتێکە کە دەتوانێت هاوسەنگی بۆ دونیا بگێڕێتەوە، مرۆڤ دەکرێت لەسەر هاوسەنگی قسە بکات، لەسەر دادپەروەری نا دادپەروەری نامومکینە ئەگەر شتێکیش هەبێت ناوی دادپەروەری بێت ئەوا لەو مۆسیقایەدا بوو کە پێشکەشی ئێمەت کرد..... ش.م.س لا ١٩٦)_١٢_ لەکۆتاییدا هەوڵدەدەین باس لە مەدلولی (هاوسەنگی) بکەین.

بەڵام ئێستا گرنگە باس لە ڕەتکردنەوەی عەدالەت یان خولیای عەدالەت بکەین لە (٣) ڕوانگەی جیاوازو و هاوکات وێکچووەوە:

یەکەم: زۆرێک لەوکاراکتەرانەی لەگەڵ لەسێدارەدانی بابلیدا نین بۆچوونیان وایە کە جێبەجێکردنی عەدالەت ژیان دەکاتە دۆزەخو هەریەکەیان بەشێوازی جۆراوجۆر ئەم بیرۆکەیە دەردەبڕن، بەڵام حەلیم شێواز زۆر بە ئاشکراترو ڕاشکاوانەتر گوزارشت لەو بۆچوونە دەکات (عەدالەتی ڕاستەقینە ئەم سەرزەمینە دەگۆڕێت بۆ جەهەننەم، هیچ شتێک وەک ئەم وشەیە زەویی پڕنەکردووە لەئافات، عەدالەت ئینسان دەگێڕێتەوە بۆ وەحشیەت... ش، م، س لا٥١٨)_١٣_

دووەم: دووەم ڕوانگەیەک کە لێیەوە عەدالەت ڕەتدەکرێتەوە یاخود وردتر بڵێم دەخرێتە ژێر پرسیارەوە ئەوەیە کە جێبەجێکردنی وردی عەدالەت نامومکینە، چونکە وەک حەلیم شێواز دەڵێت (ئەمە چ عەدالەتێکە لە ناو هەزاران گوناهباردا سزای یەکێک بدەیت؟ ئەگەر بڕواتان بە عەدالەتی ئیلاهی هێندە بەهێزە بەجێی بهێڵن بۆ خودا، ئەو لە بری هەموومان سزای دەدات، ئەگەر باوەڕیشتان بە عەدالەتی سەر زەوییە، ئەوا لە مێژە عەدالەت لەسەر زەوی مردووە، هەزاران ساڵە زاڵمەکان دێنو دەڕۆن لێگەڕێن ئەویش بڕوات.. عەدالەت بەدانانی دادگا بۆ تەنیا گوناهبارێک ساز نابێت. ش.م.س لا٥١٧)_١٤_ دیسان حەلیم شێواز دەڵێت (مردنی ئەم برینی چ یەکێک سارێژ دەکات؟ مردووی چ یەکێک لە ئێمە زیندوو دەکاتەوە؟ ئەوەی ئێوە ناوی لێدەنێن عەدالەت، ئەوەی ئێوە بەناوی خوداوە جێبەجێیدەکەن تەنها تینوێتی خۆتانە بۆ تۆڵە. ش، م، س لا ٥١٨)_١٥_ئەگەر تێبینی بکەین لەڕوانگەی یەکەمدا قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەگەر عەدالەت بە وردی جێبەجێبکەین ئەوا ژیان دەبێتە دۆزەخ، بێگومان لەبەر ئەوەی کە کاری مرۆڤەکان دەبێتە سزادانی یەکتری، واتە سزادانێکی بێکۆتایی، چونکە وەک حەلیم شێواز دەڵێت مرۆڤ بەردەوام گوناه دەکات. بەڵام لە ڕوانگەی دووەمدا عەدالەت لەبەر ئەوە ڕەتدەکرێتەوە کە جێبەجێکردنی بەوردی نامومکینە، چونکە ناتوانرێت هەموو زاڵمەکان دادگایی بکرێن، بەڵام لێرەدا پرسێکی جدی سەرهەڵدەدات،

ئایا ئەگەر نەتوانین ئەمە جێبەجێبکەین دەبێت ئیدی پاڵی لێبدەینەوەو هیچ هەڵویستێک نەنوێنین بەرامبەر هەموو ئەو ستەمانەی کە ڕوودەدەن؟ ئەمە ئەو پرسە جدییەیە کە جەلادەتی کۆتر کاری لەسەر دەکاتو سووره لە سەر دادگاییکردنی سامیری بابلی، بەڵام بەشێوازی تایبەتی خۆی، ئامادەشە لەو پێناوەدا خۆی بکاتە قوربانی، لەڕاستیشدا هەر لەو پێناوەدایە دەبێتە قوربانی، واتە جەلادەتی کۆتر نەک هەر هەڵویستی هەیە، بەڵکو لەو پێناوەشدا خۆی دەکاتە قوربانی.

سێیەم: سێیەم ڕوانگەیەک کە لێیەوە عەدالەت ڕەتدەکرێتەوە، ئەوەیە کە جێبەجێکردنی عەدالەت هیچ سوودێکی نییەو لەئازاری قوربانییەکان کەمناکاتەوە، موسای بابەک لە درێژەی هەوڵەکانیدا بۆ ئەوەی گرێی تۆڵەسەندنەوە لە ناخی جەلادەتی کۆتردا بکوژێت بەم جۆرە دەدوێت (من هەرگیز باوەڕم بە عەدالەت نەبووە، عەدالەت هیچ ئازارێک لەو ئازارانە کەمناکاتەوە کە قوربانییەکی بێگوناه دەیچێژێت. ش.م.س لا ١٩٥)_١٦_حەلیم شێوازیش دەڵێت (مردنی ئەم برینی چ یەکێک سارێژ دەکات؟ مردووی چ یەکێک لە ئێمە زیندوودەکاتەوە؟ ئەوەی ئێوە ناوی لێدەنێن عەدالەت، ئەوەی ئێوە بەناوی خوداوە جێبەجێیدەکەن تەنها تینوێتی خۆتانە بۆ تۆڵە. ش، م، س لا ٥١٨)_١٧_ واتە بابەکو حەلیم شێواز، ڕایان وایە وێڕای ئەوەی کە سزادان بۆ خۆی سیفەتێکی جەللادانەیە، هاوکات هیچ سودێکیشی نییەو لە ئازارەکانی قوربانی کەمناکاتەوەو کارێکی عەبەسیانەیە.

ئەگەر تێبینی بکەین لەو سێ ڕوانگەیەی کە لێیانەوە عەدالەت ڕەتدەکرێتەوە، ڕەتکردنەوەی عەدالەت نییە وەک جەوهەر، بەڵکو ڕەتکردنەوەی عەدالەتە وەک هاوماناو خولیای تۆڵەسەندنەوە، لەیەکەمیاندا باس لەوە دەکرێت سزادانی بێکۆتایی ژیان دەکاتە دۆزەخ، کە ئاشکرایە سزادانەوە مانای تۆڵە دەگەیەنێت، لەدووەمیاندا باس لەوە دەکرێت کە تۆ ناتوانیت هەموو زاڵمەکان دادگایی بکەیتو سزایان بدەیت، ڕوانگەی سێهەمیش بەهەمان شێوە باس لەوە دەکات کە سزادانەوەی تاوانبار هیچ لە ئازاری قوربانییەکان کەمناکاتەوە. ئەگەر لە گوتاری ئەم تێکستە ئەدەبییەدا عەدالەت وەک مورادیفی تۆڵەسەندنەوە ڕەتبکرێتەوە، ئەی دەبێت چ مانایەک بۆ عەدالەت تەرح بکرێت؟ ئەمە لەخاڵی دووەمدا ڕووندەکەینەوە.

٢- ئیستکردنو ئیشکردن لە سەر دۆزینەوەی مانای نوێ بۆ عەدالەت: دووەمین کارێک (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دەیکات، بریتییە لە دۆزینەوەی دیوەکانی دیکەی چەمکی عەدالەت، ئەو دیوانەی کە مرۆڤەکان شارەزای نین یان نایانەوێت شارەزای بن.

بێگومان ڕەتکردنەوەی عەدالەتو ئەو (٣) ڕوانگەیەی کە ئاماژەمان پێکردن تووشی شۆکمان دەکاتو ناچارمان دەکات بیربکەینەوەو ئەو فزولەمان تێدا دەوروژێنێت کە بۆ دەبێت چەمکێکی جەوهەری وەک عەدالەت کە سەنتەری هەموو ئایینو قوتابخانە فیکرییەکانەو گرنگییەکی ئەخلاقیو ئاسمانو زەمینیی زۆری هەیە، کەچی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانداو لەلایەن قوربانیو کاراکتەرە سەرەکییەکانییەوە سەرچاوەی وەحشیەتەو زەوی پڕ دەکات لەئافات، ئایا ئەمە پەرچەکردارێکی ئانییە؟ یاخود جیهانبینییەک لە پشتییەوە کار دەکاتو ڕەهەندی ئەخلاقیی قووڵی هەیە؟ ئایا ڕەتکردنەوەی ڕەهای عەدالەتە یان ڕەتکردنەوەی ئەو مانا دیاریکراوەیە کە سەپێنراوە بەسەر ئەو چەمکەدا؟ بەڕای من ئەوەی حەلیم شێوازو دکتۆر موسای بابەکو ئەوانی دیش دەیڵێن ڕەتکردنەوەی ڕەهای عەدالەت نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو مانا زەقەیە کە بۆ چەمکێکی ئەخلاقیو جەوهەریی وەک عەدالەت داتاشراوە، کە بریتییە لە (گرێی تۆڵەسەندنەوە) واتە ئەوان دژی ئەوەن کە عەدالەت یەکسان بکرێت بەتۆڵە نەک جەوهەری عەدالەتو ئەو گوتارە مرۆییو ئەخلاقییەی کە لەپشت ئەو چەمکەوە ئامادەیە، یاخود مۆتیڤی دادگاییکردنو مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتباراندا بریتی بێت لە گرێی تۆڵەسەندنەوەو سزادانەوە، بێگومان بۆ ئەمەش هەر لە قسەکانی حەلیم شێوازدا دوو بەڵگەمان بەدەستەوەیە: یەکەم ئەوەیە کە خودی شێواز لە ڕستەیەکدا بەڕاشکاوانە لە (شەوی حیساب)دا بەو

کەسانە دەڵێت کە بڕوایان بە کوشتنەوەی بابلییە (ئێوە وادەزانن تەنها کوشتن سزایە ئێوە بەهەڵەدا چوون، جەللاد داوای لەئێوە کردووە وەک ئەو بیر بکەنەوە، ئێوە ئێستا حاکمی دادگان نەوەک جەللاد، ئێوە باس لە عەدالەت دەکەن، من پێم گوتن بڕوام بەعەدالەت نییە، بەڵام گەر مەسەلەکە عەدالەتیش بێت دەبێت وەک جەللاد بیر نەکەنەوەو بۆ شەوێک ببنە دادوەری عادیل ش، م، س ل٥١٩)__١٨__ لێرەوە دەردەکەوێت کە شێواز بڕوای بەوە نییە کە تەنها سزاو سزادانەوە بریتی بێت لە کوشتنو تۆڵەکردنەوە، بەڵکو خەمی سەرەکیی ئەو ئەوەیە کە قوربانییەکان ماهییەتی جەللاد هەڵنەگرنو دەیەوێت دوور لە غەریزەی تۆڵەسەندنەوە پڕۆسێسی دادگاییکردنەکە بەڕێوە بچێت، لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە یەکێک لە پێناسەکانی ئەرستۆی فەیلەسوف بۆ دادپەروەری ئاماژە پێبکەم، ئەو ڕای وایە (دادپەروەری ئەوەیە کە لە هەڵەو کەموکورتییەکانی مرۆڤ ببوریت، تطور فکرة العدل فی القوانین العراقیة القدیمة» ل٢٥-٢٦)__١٩__.

دووەم بەڵگە ئەوەیە کە حەلیم شێواز ئەلتەرناتیڤی پێیە بۆ تۆڵەو بۆ مانای سواوی عەدالەت کە بریتییە لە (جوانی)، کە ڕام وایە تەرحکردنی جوانی وەک بەدیل بۆ عەدالەت ڕەتکردنەوەی عەدالەت نییە ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی سومعەی عەدالەتو زیندووکردنەوەی ئەو مانا ئەخلاقییە باڵایەی کە لەجەوهەردا عەدالەت هەڵگریەتیو دوورخستنەوەی ئەو مانایانەیە کە غەریزەکانو ئایدۆلۆژیاکان بۆ عەدالەتیان داتاشیوە، شێواز بەم جۆرە گوزارشت لەو بۆچوونەی دەکات (..ئەم پیاوە پیاوکوژێکە (واتە سامیری بابلی) نەیتوانیوە هیچ شتێک بکوژێت، ویستی جوانی لەناخی مندا بکوژێت، بەڵام من پێیدەڵێم سەیرمکە سامیری بابلی من لەتۆ دەبوورم، کەواتە هێشتا جوانم. ش، م، س ل٥١٩)__٢٠__ واتە ئەو خەمی ئەوەیەتی بە جوانی بمێنێتەوە نەوەک غەریزەی تۆڵە سەندنەوە تێر بکات، چونکە دووبارەکردنەوەی وێنەی جەللادەکەیەتیو جوانی لەناخیدا دەکوژێت. بێگومان مەترەحکردنی جوانی وەک بەدیل بەهەمان شێوەو بگرە قووڵتریش لای (دکتۆر موسای بابەک)یش هەیە، بابەک بە جەلادەتی کۆتر دەڵێت: ( جوانی تەنها شتێکە کە دەتوانێت هاوسەنگی بۆ دونیا بگێڕێتەوە مرۆڤ دەکرێت لەسەر هاوسەنگی قسە بکات، لەسەر دادپەروەری نا، دادپەروەری نامومکینە ئەگەر شتێکیش هەبێت ناوی دادپەروەری بێت، ئەوا لەو مۆسیقایەدا بوو کە پێشکەشی ئێمەت کرد... ش.م.س ل ١٩٦)__٢١__ بابەک لە بری (دادپەروەری) بڕوای بە جوانی هەیە، چونکە ئەو ڕای وایە مرۆڤ ناتوانێت دادپەروەر بێت، بەڵام دەتوانێت لە بری ئازار، جوانی دروست بکات، (هەر بۆیەش سەرەکیترین کاری دکتۆر بابەک هەڵگرتنی ئەو تابلۆیانەیە کە مێژوومان بۆ دەپارێزنو بۆ نەوەکانی داهاتووی دەگوازنەوە) بابەک ڕای وایە گەورەترین تۆڵە لەناهەقییەکانی دونیا ئەوەیە مرۆڤ شاعیر بێت، مۆسیقای جوان لێبدات، تابلۆ دروست بکات لە پێشدەمیدا سەرسام بوەستین، لەوە بترازێت هیچ عەدالەتێک نییە، لە درێژەی ئارگیۆمێنتەکەدا، بابەک بەکۆتر دەڵێت (عەدالەت ئەوە نییە زاڵمەکان بکوژیت، ئەوەیە شتێکی جوان بخەیتە جێگەی زوڵم، دادپەروەری ئەو مۆسیقایەیە کە شوێنی مردن دەگرێتەوە، ش.م.س ل١٩٧)__٢٢__ دووبارە پێی دەڵێت (وەڵامی ئازار بۆ ئازار ئەوەنییە ئازاری تر دروست بکات، ژان لەسەر ژان کەڵەکەبکات، ئەوە وەڵامە سادەو بێماناکەیە، ش.م.س ل١٩٨)__٢٢__ واتە وێڕای ئەوەی سزا کاری جەللادەو هەڵسوکەوتێکی بێ دەرئەنجامە، هاوکات دەیەوێت پێمان بڵێت تۆڵەسەندنەوە لە نەفامیمانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێمە بیرناکەینەوە، بۆیە ڕاستەوڕاست دەست بۆ وەڵامە سادەکە دەبەین کە تۆڵەیە، هەرلێرەشەوەیە لەو بۆچوونەی حەلیم شێوازی قوربانی تێدەکەین کە دەڵێت (ئینسان دەبێت لە شوێنێکدا بوەستێت.ش، م، س ل ٥١٨)__٢٣__ واتە دەبێت بوەستین لە بیرنەکردنەوەو بیربکەینەوەو بەدیلی تۆڵە گەڵاڵە بکەین، هەر بیرکردنەوەو هۆشیاریشە وامان لێدەکات چەمکی عەدالەت بە ئاقارێکی دیکەدا بەرین، نەک ئەو ئاقارەی کە ژیانمان لێدەکاتە دۆزەخ.

بیرمان نەچێت ئەم بینینە بۆ عەدالەت بەهەمان شێوە لای قوربانییەکانیش هەیە، چونکە دواجار

هەریەکەیان بەشێکی ئەو تابلۆیەن کە هەموویان پێکەوە وێنەکە تەواو دەکەنو هارمۆنیاو هاوسەنگی پێکدەهێنن، ئەمیری گوڵەباخ کە یەکێکە لەو قوربانیانەی سامری بابلی لوتی بڕیوەو سزایەکی زۆری داوە، هاووڵاتییەکی سادەو ساکارەو لە هیچ دانیشگەو کۆلێژو کۆرسێکی فەلسەفیدا ستاتیکای نەخوێندووە، سزای ئەو بۆ جەللادەکەی ئەوەیە (بیخەنە ناو قەفەسێکو تا قیامەت بەدرەختی باخێکەوە هەڵیواسن بۆ ئەوەی خەفەت بەجوانی بخوات.... ش، م، س لا٥١٢)__٢٤__ لای ئەمیش بەهەمان شێوە جوانی خۆی مەترەح دەکاتو لەگەڵ ئەوەدا نییە جەللادەکەی بکوژرێتەوە.

باوکی سەرهەنگ قاسم کە پیاوێکی پیری ئیمانداری جەرگسوتاوەو ئێستا (سامیری بابلی) بکوژی کوڕە تاقانەکەی لە بەردەمیدایە، زۆر دژی ئەوەیە کە بکوژرێتەوەو لەگەڵ ئەوەدایە ئازاد بکرێتو هەمان بۆچوونەکەی موسای بابەکو ئەوانی دی دووبارە دەکاتەوە، بەزمانێکی سادەو ڕەوان دەڵێت (ئینسان ئەگەرەکو پاکە ئەگەرەکو پیس، ئەگەرەکو پیاوکوژە ئەگەرەکو ساف وەک ڕۆحی ڕەوان هەر عەبدی خودایە، ئەگەر ئەو سەگە خۆ نابێت ئیمە سەگ بین.... ش.م.س لا٥١٥)__٢٥__ واتە نابێت ئێمە هەمان سیفەتی جەللادەکەمان هەڵگرینو پەرچەکردارمان هەبێت، بەڵکو دەبێت کردارمان هەبێتو بڕیارێکی دیکە بدەین نەک کوشتنەوەی. ئەو دەڵێت (وەک چۆن شکۆو شەوکەتی بەنی ئادەم بەقای نییە، سزاش هەر وایە..... ش.م.س لا٥١٥)__٢٦__ واتە ئەویش بەهەمان شێوە دژی سزایە، بەڵام لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە، کە بێگومان لە چوارچێوە گشتییەکەدا دەچێتەوە سەر ئەو هێڵەی قوربانییەکانی دیکە باسی دەکەن، کە بریتییە لەوەی ئێمە دەبێت وەڵامی نەمرو جاویدمان بۆ ناهەقییەکانی ژیان هەبێت نەوەک وەڵامی سادەو نزیک مەودا، بەلای باوکی سەرهەنگیشەوە سزا بەقای نییەو کاتییە، بەڵام مەغفەرەت جاویدەو دەشێت لە خودامان نزیک بخاتەوە، باوکی سەرهەنگ قاسم دەڵێت (گەر بەوردی لە حیکمەتی ئیلاهی بڕوانیت دەبینیت مەغفەرەتی ئێمە بۆ ئەم زاڵمە لەوانەیە زیاتر لە خودا نزیکمان بخاتەوە.....ش، م، س لا٥١٥)__٢٧__

سەبری شێخانی دەڵێت (من ئەم پیاوەم لە دڵی خۆمدا کوشتووە لە خەیاڵی خۆم دەرمکردووە، بەلامەوە گرنگ نییە زیندووە یان مردووە، گرنگ ئەوەیە لە ڕۆحی خۆمدا کوشتوومە، دەترسم گەر ئێوەش بیکوژن لە ڕۆحی مندا زیندوو ببێتەوە، وازی لێبێنن با بڕوا.... ش، م، س لا٥١٨)__٢٨__ شێخانییش وەک هاوبۆچوونەکانی بڕوای بەوە هەیە گرنگ ئەوەیە تۆ بتوانیت لە ناخی خۆتدا جەللاد بکوژیت، واتە جەللادەکەی ناخی خۆت بکوژیت، چونکە ئەگەر ئەم کارە نەکەیت مەترسیی ئەوە هەیە دیسانەوە جەللاد بێتەوە ناو ژینمانو ڕەوڕەوەی سزاو سزادانەوە ژیانمان لێ بکاتە دۆزەخێکی سەرمەدی.

## جوانی لە کوێی مردندایە؟

یەکێک لە ئیشکالاویترین پرسو چاوەڕواننەکراوترین مەسەلەیەک کە لە شاری مۆسیقارە سپییەکاندا ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە (کوشتنەوەی سامیری بابلیە)، چونکە تانوپۆی ڕۆمانەکە، زۆرینەی کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەو ئەو گوتارەی نووسەر کاری لەسەر دەکات، ئەوەمان پێدەڵێنو جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، نابێت قوربانی وێنەی جەللاد بێتو کردەی کوشتنەوە دووبارە بکاتەوە، ئەمەش لە بەر چەند هۆیەکی زۆر جەوهەری کە لە تێکستەکەدا بەرچاومان دەکەون:

١.دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو کارەیە کە جەللاد ئەنجامی داوە، واتە مانایەک بۆ جیاوازیی نێوان جەللادو قوربانی ناهێڵێتەوە، سامیری بابلی (جەللادی پەشیمان) دەڵێت: (مرۆڤ کە جارێک گوناهی کرد دەبێت تاکۆتایی گوناهبار بێت، بەڵام عەدالەت ئەوەیە قوربانییەکان وا بیر نەکەنەوە....ش، م، س لا٢٧٥)__٢٩__

٢.هێنانەدیی ویستو خەونەکانی جەللادە، چونکە جەللاد بەتەنها سزامان ناداتو نامانکوژێت، بەڵکو لەوە ترسناکتر دەیەوێت لە ڕێگەی کوشتنمانەوە ڕۆحییەتی خۆی لە ناخماندا بچێنێتو وامان لێبکات بەردەوام بیر لەتۆڵەسەندنەوەو دووبارەکردنەوەی کارەکتەری ئەو بکەینەوە، حەلیم شێواز بەهەوادارانی کوشتنی

بابلی دەڵێت (جەللاد وای لەئێوە کردووە وەک ئەو بیر بکەنەوە..... ش، م، س لا٥١٩)_٣٠_.

٣.خەتەر ناکیی خەونی عەدالەت وەک حەلیم شێواز دەڵێت (عەدالەت ئینسان دەگێڕێتەوە بۆ وەحشییەت، عەدالەت وا دەکات ئیشی ئینسان ببێتە سزادان، ..... سزادان، سزادانێکی بێکۆتایی، سزابدرێیتو سزا بدەیت، ئەوەیە عەدالەت..... ش، م، س لا ٥١٨)_٣١_.

٤.جەللاد دەیەوێت جوانی لەناخماندا بکوژێت، بەڵام ئەگەر لێبووردەبین ئەوجا دەتوانین سەربەرزانە بەجەللاد بڵێین (تۆ نەتتوانیوە هیچ شتێک بکوژێت، ویستت جوانی لەناخی ئێمەدا بکوژیت، بەڵام ئێمە پێت دەڵێین، سەیرمانکە سامیری بابلی ئەی جەللاد ئێمە لەتۆ دەبوورین، کەواتە هێشتا جوانین.... ش، م، س لا٥١٩)_٣٢.

٥.مەحاڵی جێبەجێکردنی عەدالەت، پێشتر بە درێژی ئاماژەمان بە ئەستەمی جێبەجێکردنی عەدالەت کرد لە ٣ ڕوانگەوە.

بەهەرحاڵ، ئەگەر کوشتنەوەی جەللاد دوای ئەو هەموو بۆچوونە لۆژیکییەی کە لە تانوپۆی ڕۆمانەکەدایەو جەخت لەسەر نەکوشتنەوەی جەللاد دەکات ئیشکال بێت، ئەوا لەوە ئیشکالاویتر ئەوەیە کە جەلادەتی کۆتر کوشتنەوەی سامیری بابلی جەللاد بە (سەرکەوتنی جوانی) لەقەڵەم دەدات، ئەوەتا کاتێک حەلیم شێوازی قوربانی کە لەگەڵ ئازادکردنی بابلیدایەو کاتێک بڕیاری کوشتنی سامیری بابلی دەدرێت، حەلیم شێواز بەوپەڕی نیگەرانیو تورەییەوە بە جەلادەتی کۆتری (قوربانیو ڕێکخەرو دادوەری دادگاییەکە) دەڵێت (هەمیشە جوانی ڕووکەش بەسەر جوانی قوڵدا، هەمیشە ڕاستیی ڕووکەش بەسەر ڕاستیی قوڵدا سەردەکەوێت، هەی گەمژە..... ش، م، س لا٥٢٦)_٣٣_، بەڵام جەلادەتی کۆتر بەوپەڕی هێمنیو ئارامییەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت (دڵنیابووم لەوەی شێواز نازانێت ڕاستی چییە، مردنی سامیری بابلی سەرکەوتنێکی گەورەی جوانی بوو، بەڵام لە ڕێگەی مردنەوە.... ش، م، س لا ٥٢٦)_٣٤_، ئەمەیە پرسە جەوهەرییەکە، بۆچی مردنی بابلی سەرکەوتنی جوانییە؟ چۆن




سەرکەوتنی جوانی لەڕێگەی مردنەوە بەرجەستە دەبێت؟ جوانی لەکوێی مردندایە؟ ئایا ئەم وەڵامە چۆن ئەبێت وەڵامی جەلادەتی کۆتر بێت، کە تا ئەوپەڕیو بەشێوازی تایبەتی هەوڵدەدات هەرچۆنێک بێت ڕەوتی دادگاییکردنەکە بەو ئاراستەیەدا بەرێت کە بڕیاری کوشتنی بابلیی تێدا نەدرێت، خۆی واتەنی خولێکی دیکەی دادگاییکردنەکە دەکاتەوە بۆ ئەوەی یەکێک لە قوربانییەکان ڕای خۆی بگۆڕێتو دەنگی ئەوانە زیاتر ببێت کە لەگەڵ ئازادکردنی بابلیدان، بەڵام بێسود دەبێتو هەر دەنگی ئەوانە زۆرە کە لەگەڵ سزاداندان، تەنانەت دوای ئەوەش بڕیاری کوشتنی بابلی دەردەچێت، کۆتر لە پەناوە پێی دەڵێت (سامیری بابلی ڕابکە... ڕابکە. شەو تاریکە چاوچاو نابینێت... دەتوانیت دەرباز بیت..... ش.م.س لا ٥٢٤)_٣٥_، ئەبێت چی وا لە کۆتر بکات بڵێت، مردنی بابلی سەرکەوتنی جوانی بوو؟ چی ئەم قەناعەتەی لە دوا ساتی بڕیاری هەیئەتی دادگاکەدا لا دروست دەکات کە سوورییش دەزانێت کوشتنی بابلی یەک دنیا نەهامەتیی بۆ دەهێنێت؟:

١.ئایا لەبەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەڕێوە چوو؟ زۆرینە دەنگی لەسەر کوشتنی بابلی دا؟ واتە سەرکەوتنی جوانی لە

سەرکەوتنی دەنگی زۆرینەدایە.

٢.لەبەر ئەوەی دادگایەکە ڕاستەوخۆ لە لایەن هەیئەتێکەوە بەڕێوەبرا، ڕێکخەری دادگاکە، دادوەری دادگاکە، ئامادەبووان، هەموویان قوربانی بوون.

٣.لەبەر ئەوەی جەللادەکە بەویستی خۆیو لە پێناو پاکبوونەوەیدا خۆی تەسلیمی قوربانییەکان کردووەو بەوپەڕی ئیرادەی خۆیو بێباکانە چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بوو، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە چۆنییەتیی بڕیارەکە.

٤.لەبەر ئەوەی پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەبێ حسابکردن بۆ دەسەڵات بەڕێوچوو، تیایدا حساب بۆ یاساو چوارچێوەی دادگا ڕەسمیو تەقلیدییەکان نەکرا؟ کە بەڕای کاراکتەرە سەرەکییەکان ئەو دادگا ڕەسمییانە ناتوانن دادپەروەری پیادە بکەن.

٥.لەبەر ئەوەی کوشتنی بابلی یەکسانە بەپاکبوونەوەی بابلی، کە خواستی هەریەک لەجەلادەتی کۆترو خودی بابلی بوو؟ چونکە بیرمان نەچێت کاتێک جەلادەتی کۆتر هەلی ڕاکردن بۆ بابلی دەڕەخسێنێت، بابلی ئامادە نییە ڕابکات، کاتێک پێشنیاری دواخستنی جێبەجێکردنی حوکمی دادگەکە دەکات، ڕاسەوخۆ بابلی خۆی ئەو پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت (نا جەلادەتی کۆتر، نا ئەی منداڵی نەجیب، من دەبێت ئەمشەو بمرم. دواتر دەڵیت (ئەگەر دەتەوێت پاکببمەوە ئەمە تەنیا ڕێگەیە پیا برۆم لەم ڕێگەیە زیاتر ڕێگەی تر نییە..... ش. م. س لا ٥٢٤)_٣٦_. واتە وردتر بڵێم بابلی لەناخەوە ئامادەگیی پاکبوونەوەیە. بەڵام خۆ دەبێت بەدیوێکی دیکەدا بپرسین، ئەی مردنی بابلی بەجەللادکردنی ئەو پێنج قوربانییە نییە کە بڕیاری کوشتنی بابلییاندا؟ دەکرێت بڵێین ئەوان حەقیان بوو کە ئەو بڕیارەیان دا؟ یان دەکرێت بڵێین بەجەللاد بوونی ئەمان، بەجوان ناساندنی مردنی بابلی لەلایەن کۆترەوە ناتەواو ناکات؟ لەڕاستیدا ئەمە پێویستی بە نووسینێکی سەربەخۆ هەیە.

٦.دەشێت بڵێین لەبەر ئەوەیە کە جەلادەتی کۆتر ڕۆحی خۆی، ڕۆحی مۆسیقارێکی سپیی لەناخی بابلی جەللاددا چاندووە، نەک بەپێچەوانەوە، هەر بۆیە ئەو مردنە بەسەرکەوتنی جوانی لەقەڵەم دەدات، چونکە چیدی (جەللاد)ێک نامرێ، بەڵکو (مۆسیقار) ێک دەمرێت، چونکە لەلایەک سامیری بابلی لە ئانوساتی پرۆسەی دادگاییکرنەکەدا پێی خۆش نییە پێی بڵێن نەقیب، لەلایەکی دیش بەوە پاساوی ڕانەکردنو ئامادەی مەرگ پیشان دەدات بۆ جەلادەتی کۆتر کە ئێستا فلوتێکی پێیەو هەمان ئەو فلوتە سپییەشە کە وەختی خۆی هی جەلادەتی کۆتر بووەو بابلی هەڵیگرتووەتەوە، بابلی بە کۆتر دەڵێت (لە بیرتە تۆ ئەو فلوتەت دا بەمن، لەبیرتە تۆ ئەو فلوتەت لەناخی مندا بەجێهێشت..... ش.م.س لا ٥٢٤)_٣٧_. بیریشمان نەچێت سامری بابلی لە کاتی گفتوگۆکانی لەگەڵ جەلادەتی کۆتردا بەردەوام ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ڕاستە ئەو جەللاد بووەو شایستەی هەموو جۆرە سزادانێکە، بەڵام نابێت جەللادەکەی جەلادەتی کۆتر بێتو ئەو بڕیاری مردنی بدات، بێگومان نەک لەبەر ئەوەی بابلی پێویستی بەبڕیاری لێخۆشبوونە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو (جەلادەتی کۆتر) شایستەی بەخشندەییە، دەبێت سیفەتی لێبووردەیی لە ناخیدا بەهێزتر بێت لە خەسڵەتی تۆڵەسەندنەوە.

٧.ئایا بۆ ئەو مشتومڕە تولانییەی کە لە نێوان جەلادەتی کۆتری پاڵەوانو گێڕەرەوەی ڕووداوەکانو (عەلی شەرەفیار)ی حیکایەتخواندا دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام کۆتر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ڕووداوەکان چۆن بوونو چۆن دەبن، ئاوا بنووسرێنەوەو زیادو کەمیان تێدا نەکرێت، بەردەوامیش عەلی شەرەفیار جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە مەرج نییە هونەر ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی واقیع بێتو هونەرمەند ئازادە جوانکاری لە ڕووداوەکاندا بکاتو فەنتازییانە باس لە مەسەلەکان بکات، واتە لەکۆتاییدا بۆچوونی ڕاوی یان گێڕەرەوە زاڵ دەبێت، هەر بۆیە مردنی بابلی لە لایەن کۆترەوە بەسەرکەوتنی جوانی لەقەڵەم دەدرێت، واتە لەکۆتاییدا ئەو لۆژیکە زاڵ دەبێت کە واقیع دەیخوازێت، نەک هونەر و جوانیو نەمریو عەدالەت، ئایا دەکرێتو ڕەوایە تۆمەتی ئەنانییەتو خودویستی بدەینە پاڵ کاراکتەرێکی وەک جەلادەتی کۆتر کە کۆی ژیانی خۆی لە پێناو خزمەتکردن بە شتە نەمرەکاندا کردووەتە قوربانی؟

٨.دەکرێت بۆ ساتێ کۆنتێکستی ڕۆمانەکە بێینە دەرێو بڵێین هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتووەتە ئاستێک کە لە پێناو بەجەللاد نەبوونی خۆیدا لەجەللادەکانی ببووریێت؟ واتە ئەو دەرئەنجامە هەوڵێکە بۆ تێرکردنی غەریزەی کۆمەڵگە؟

ئەگەر مەسەلەکە بەو جۆرە بێتو لەبەر یەکێک لەو هۆکارانە بێت کە ئاماژەمان پێکردن، ئەی ئەو پەیامە کامەیە کە دەبێت تێکستی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) پێمان بڵێ؟ ئەی گوتاری ئەو ڕۆماننووسە لەکوێی ئەو دەقە تولانییەدا خۆی مانیفێست دەکات؟ دەشێت بڵێین نووسەری ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە (بەختیار عەلی) بۆخۆی تینووی کوشتنەوەی جەللادەکانە، هەر بۆیە دەرئەنجامەکە بەو جۆرەیە کە ڕووبەڕووی بووینەوە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆ هەر لەسەرەتاوە ئەو ئیحایەمان پێنادات کە جەللاد دەکوژرێتەوەو ئەوە لەناخی خوێنەردا ناچێنێت کە کوشتنەوەی جەللاد تووشی شۆکی نەکات؟ ئەی ئەو دادگا ناتەقلیدییە بۆ؟ کە هەمان ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدات کە دادگا تەقلیدییەکان بێ هیچ خۆهیلاککردنێک دەیدەن بەدەستەوە؟ کاریگەریی مامۆستا ڕۆحی و عاریفەکانی جەلادەت لە کوێی دەرئەنجامی بڕیاری دادگاکەدا خۆی بەرجەستە دەکات؟.

لەڕاستیدا بۆ وەڵامی هەموو ئەم بۆیانە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قسەیەکی خودی جەلادەتی کۆتر، پێشم وایە بەڕاڤەکردنی ئەو پەرەگرافە گرێکان دەکرێنەوەو دەتوانین ئیشکالەکان چارەسەر بکەین، جەلادەتی کۆتر لە لاپەڕە (٣٧٣) و کاتێ بڕیارە قورسەکە دەدات، واتە بڕیاری دادگاییکردنی سامیری بابلی بەم جۆرە دەدوێت: (هەستم دەکرد یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی مرۆڤ بەدیهێنانی بڕێک لەعەدالەتە، پێشم وابوو، هەر مرۆڤێک لە ئێمە لەبڕێکی دیاریکراو لە عەدالەت بەرپرسیارە، عەدالەت وەک وێنەیەکی گەورەیە، کە لەچەندەها پارچەی بچووک بچووک دروست بووە، هەریەکێک لە ئێمە کە لە دایک دەبین، یەکێک لەو پارچە بچووکانەی وێنە گەورەکە لە دەستماندایە، دواتر کە گەورە بووین ئیشی ئێمە ئەوەیە ئەو پارچەیە لە عەدالەت لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا لە ناو تابلۆکەدا دابنێین، مرۆڤانێک هەن ئەو پارچە بچکۆلانەی ناو مستی خۆیان فەرامۆش دەکەن، کەسانێکیش هەن دەست دەنێنە ناو ئەو تابلۆیەوەو تێکی دەدەن، بەجۆرێک ناڕێکیو ناتەبایی دەخەنە نیگارەکانەوە دەبێت دەیان ساڵ دانیشین تا نەوەیەکی دیکە لەدایک دەبێت و دووبارە نیگارەکە دروست دەکاتەوە، دیارە لەو نێوەندەدا خەڵکانێکی دی لەدایکدەبن کە دەیانەوێت سەر لەنوێ تابلۆکە بشێوێننەوە، بەڵام جارێکی دی خەڵکانێکی دی دێن دەیانەوێت وێنەکە ڕاست بکەنەوە، جارێکی دیش کەسانێکی دڵڕەق دێنو دووبارە پارچەکان تێکەڵ دەکەنو دەیشێوێننەوە، ئیدی لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو تابلۆیە تەواو نەبێت، تەواوبوونی وێنەی عەدالەت جگە لە خەیاڵ هیچی تر نییە، یان وەک دەڵێن یۆتۆپیایە، بەڵام ئێمەی ئادەمیزاد دەبێت بزانین کە لەگەڵ لە دایکبوونماندا بڕێک لە بەدیهێنانی عەدالەت لە سەرشانمانە..... ش، م، س لا٣٧٣ )_٣٨_ دواتر جەلادەت خاڵێکی گرنگتر ڕووندەکاتەوە (بەڵام مەسەلەکە هەر ئەوە نییە مرۆڤ دەستی بگاتە تابلۆکە، گرنگ ئەوەیە ئەو پارچە لە جێگەی ڕاستەقینەی خۆیدا دابنێت، چونکە



دواجار عەدالەت هیچ نییە لە هارمۆنیایەکی گشتی لە نێوان هەموو پارچەکاندا کە پێکەوە دیمەنێک دروست دەکەن، گەر پارچەکان لە جێگەی خۆیان نەبن گەر یەکێک یاری بە شوێنەکانیان بکات، وەک ئەوەیە یاری بە وێنەی عەدالەتو ماناکەی بکات...... ش.م.س لا ۳۷۳ )__۳۹__.

بەڕای من ڕاڤەکردنو تێگەیشتن لەو پەڕەگرافەی سەرەوە ئەو گرێ کوێرانەمان بۆ ڕووندەکەنەوە کە ئیشکال ئامێزن، تێگەیشتن لەو پەڕەگرافانەی سەرەوە وامان لێدەکەن، نە: کوشتنەوەی سامیری بابلی تووشی شۆکمان بکاتو نە: ئەو وتەیەی کۆتریشمان بەلاوە سەیرو عاجباتی دەبێت کە مردنی بابلی بە (سەرکەوتنی جوانی) لەقەڵەم دەدات، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە ڕاستە لە کۆی ڕۆمانەکەدا بەگشتی ڕەخنەیەکی زۆر لە خولیای عەدالەت دەگیرێت، بەتایبەتی لە (شەوی حیساب) دا ئەوەندەی (جەللاد) دادگایی دەکرێت، زیاتر لەوە خودی (عەدالەت) دادگایی دەکرێت، بەڵام بیرمان نەچێت وێڕای هەموو ئەمانەش ڕاشکاوانە خودی عەدالەت ڕەتنەکراوەتەوەو زەربی سفر نەکراوە، بێگومان ڕەتکردنەوەی مەسەلەیەکی لەڕادەبەدەر گرنگی وەک (عەدالەت) یش کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە مەسەلەیەکە بەدرێژایی مێژوو مایەی گرنگی پێدان بووە، سەرجەم ئایینەکان جەخت لەسەر عەدالەت دەکەنەوەو لەوەش زیاتر خۆیان بەپارێزەرو بەدیهێنەری عەدالەت دەزانن، عەداڵەت سەرجەم فەیلەسوفانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەجۆرێک فەیلەسوف نییە قسەی لەسەر ئەو مەسەلەیە بەجۆرێک لە جۆرەکان نەکردبێت، دەشێت بڵێین یەکێکە لەو چەمکە دەگمەنانەی کە سەرجەم دوالیزمەکان پێکەوە گرێدەداتەوەو خاڵی پێکگەیشتنیانە، زۆرێک لە فەیلەسوفان ڕایان وایە، عەدالەت چەند پەیوەستە بە ئاسمانەوە، زیاتر لەوەش بە زەمینەوە، چەندە لەسەر ئاستی کۆمەڵ گرنگە، ئەوەندەش لەسەر ئاستی تاک گرنگە، لێرەوەیە (ئەفلاتون باس لە عەدالەتی تاکو عەدالەتی سیاسیی دەکات...... دەربارەی عەدالەت__ برداشت هایی فلسفی. اتفرید هوفە لا ۳۰)__٤٠، سوقراتیش ڕای وایە ئەگەر عەدالەت لەسەر ئاستی تاکبوونی نەبێت، ئەوا بوونی عەدالەت لەسەر ئاستی جیهان ڕێژەیی دەبێت...... دەربارەی عەدالەت__ برداشت هایی فلسفی. اتفرید هوفە لا ۳۳)__٤١__، لەم ڕوانگەیەوە دەشێت بڵێین چەندێک عەدالەت ڕەهەندێکی ئەخلاقیی هەیە ئەوەندەش پەیوەستە بەدامودەزگاکانەوە، چەندێک کۆنە ئەوەندەش تازەیە. کاتێک جەلادەتی کۆتر دەڵێ (هەستم دەکرد یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی مرۆڤ بەدیهێنانی برێک لەعەدالەتە، پێشم وابوو هەر مرۆڤێک لە ئێمە لەبڕێکی دیاریکراو لە عەدالەت بەرپرسیارە) ڕاستەوخۆ ئەو بۆچوونەی (دوجی- کە یەکێکە لە ڕابەرانی قوتابخانەی سۆسیۆلۆجی لە بواری یاسادا) م یاد دەکەوێتەوە کە دەڵێ یاسا سەربەخۆیە لە دەوڵەت و یاسا هاوکاری کۆمەڵایەتی (یان وەک دکتۆر موسای بابەک ناوی دەنێت هاوسەنگیو جەلادەتی کۆتر بە هارمۆنیا وەسفی دەکات) بەدیدەهێنێت، بۆیە سەرچاوەی یاسا کۆمەڵگەیە، یان هەستکردنی کۆمەڵگەیە بە عەدالەت، (کراب)یش کە یەکێکە لە ڕابەرانی ئەو قوتابخانەیە، بیرۆکەکە زیاتر ڕووندەکاتەوەو پێیوایە یاسا بریتییە لە شعورو هەستکردنی مرۆڤ بە ماف کە شعورێکی زۆر ڕاستگۆیانەیە، بەڵام هەستکردن بەماف بەتەنها بەس نییە بۆ بنەمایەکی یاسایی بۆیە (دوجی) بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی (کراب) خاڵێکی دیکە زیاد دەکات کە بریتییە لە شعورکردن بە دادپەروەری... السیاسە بین النظریە والتطبیق_د.محمد علی محمد، عەلی عەبدول مەعاصی محەمەد لا ۳۸) __٤٢__

لێرەوەیە عەدالەت هێندە گرنگەو هێندە بەشێوەیەکی جەوهەریی پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە نە: دەتوانرێت ڕەتبکرێتەوەو نە: دەشبێت بەسانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، من ڕام وایە گرنگیی ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە وامان لێدەکات هەروا بەسانایی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی عەدالەتدا نەکەین، چونکە ئەگەر بەسانایی لەگەڵیدا مامەڵە بکەین ئەوا لە بری ئەوەی ئاسودەیی بۆ مرۆڤەکان بهێنێت، وەک حەلیم شێواز دەڵێت: ( عەدالەتی ڕاستەقینە ئەم سەرزەمینە دەگۆڕێت بۆ جەهەننەم...... ش.م، س لا۵۱۸)__٤٣__ بێگومان بەو مانایەی کە عەدالەت بووەتە هاومانای

تۆڵەسەندنەوە، هەر کاتێکیش تۆڵەسەندنەوە جێگەی بەعەدالەت لێژ کرد، ئەوکاتە ئیشی مرۆڤ دەبێتە سزادان، سزادانێکی بێکۆتایی، ئەمەش یەکسانە بەوەی هیچ پانتاییەک نامێنێتەوە بۆ لێبووردەیی، لەهەر کۆمەڵگەیەکیشدا لێبووردەیی نەبوو، هەر تاکێک لێبووردە نەبوو، ژیانی دەبێتە دۆزەخو ژیانی ئەوانی دیش دەکاتە جەهەننەم، ئەفلاتون لە کتێبی (سیاسەت)دا ئاماژەی بەبۆچوونی سۆفیستێکی وەک (تراسیماخوس) دەکات، کە ڕای وایە بارودۆخو ژیانی عادیلەکان باشتر نییە لە بارودۆخی ژیانی ستەمکاران، چونکە عەدالەتخوازەکان مەحرومن لە هێزو سامان، بەڵام سوقرات دژی ئەم بۆچوونەیەو ڕای وایە (تەنها عادیلەکان ئاسودە دەژین)، چونکە بەڕای سوقرات عادیلەکان بەتەنها خزمەت بە خەڵک ناکەن، بەڵکو خزمەت بەخۆشیان دەکەنو لە سەفایەکی ڕۆحیدا دەژین..... دەربارەی عەدالەت_ برداشت هایی فلسفی. اتفرید هوفه لا٣٣)_٤٤_.

لەڕاستیدا یەکسانکردنی عەدالەت بە تۆڵەسەندنەوە وەک لە کۆمەڵگەی ئێمەو زۆرینەی کۆمەڵگەکانی تردا هەیە، دەرئەنجامی خەمساردیو بێباکیمانە بەرامبەر ئەو مەسەلە میحوەرییە، وەک موسای بابەک دەڵێت (وەڵامی مرۆڤ بۆ ئازار ئەوەنییە ئازاری تر دروست بکات، ژان لە سەر ژان کەڵەکە بکات، ئەوە وەڵامە سادەو بێماناکەیە..... ش.م.س لا١٩٨)_٤٥_ واتە مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە بیرناکەینەوە بۆیە بابەتێکی گرنگی وەک عەدالەت یەکسان دەکەین بەتۆڵەسەندنەوە، لێرەوەیە شەڕی گەورەی حەلیم شێواز ئەوەیە کە ئێمە دەبێت لە شوێنێکدا بوەستینو چیدی بیر لەعەدالەت نەکەینەوە، بێگومان عەدالەت بەمانای تۆڵەسەندنەوە نەک بەمانا حەقیقییەکەی، چونکە هەر حەلیم شێواز لە (شەوی حیساب)دا ڕوو دەکاتە ئەو قوربانیانەی کە جەخت لەسەر کوشتنی بابلی دەکەنەوەو دەڵێت (گەر مەسەلەکە عەدالەتیش بێت دەبێت وەک جەللاد بیر نەکەنەوەو بۆ شەوێک ببنە دادوەرێکی عادیل..... ش، م، س لا٥١٩)_٤٦_ واتە خەمی حەلیم شێوازو ئەو ڕوانگەیەی لێیەوە عەدالەت ڕەتدەکاتەوە ئاشکرایە کە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی گرێی تۆڵەسەندنەوە. هاوکات موسای بابەکیش لە چەندین شوێنو لەچەندین بۆنەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە عەدالەت تۆڵەسەندنەوە نییە، هەر بەنمونە کاتێک کۆتر خولیای تۆڵەسەندنەوەو کوشتنی بابلی هەیە، بابەک پێی دەڵێت (عەدالەت ئەوە نییە زاڵمەکان بکوژیت، ئەوەیە شتێکی جیاواز بخەیتە جێگەی زوڵم، دادپەروەری ئەو مۆسیقایەیە کە شوێنی مردن دەگرێتەوە ئەو ئاوازەیە کە جێگەی ترس دەگرێتەوە.... ئەوەی تۆ باسی دەکەیت دادپەروەری حاکمو دادگاو یاساکانە...، ش، م، س لا١٩٧)_٤٧_

بەڵام ئەگەر تۆڵەسەندنەوە وەڵامە سادەکە بێت، ئەی کامەیە وەڵامە قوڵەکە؟ دەبێت چۆن لەگەڵ عەدالەتدا مامەڵە بکەین؟ بەڕای من ئەوەی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) پێمان دەڵێت سەبارەت بە عەدالەت ئەوەیە کە وەک مەسەلەیەکی موجەڕەد لەگەڵیدا مامەڵە نەکەین، بەتەنها لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری نەکەین (چونکە نابینرێت)، بەڵکو دەبێت لەو هارمۆنیاو هاوسەنگییەدا بیبینینەوە کە لە نێوان دالو موفرەدە جیاوازەکانی تابلۆیەکدا هەیە، واتە وەک ئەو وێنە گەورەیە لەگەڵیدا مامەڵە بکەین کە جەلادەتی کۆتر باسی دەکات، هەر یەک لەئێمەش پارچەیەکی ئەو وێنەیە لەدەستماندایەو ئەوەی گرنگە بتوانین ئەو پارچەیە لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا دابنێین، واتە بەرپرسیارێتیی تەواوکردنی وێنەی عەدالەت لەئەستۆی هەمواندایەو بەتەنها ئەرکی تاکە کەسێک و تاکە دەزگایەکو تاکە ئایینێک نییە، چونکە وەک کۆتر دەڵێت ( دواجار عەدالەت هیچ نییە لە هارمۆنیایەکی گشتی لە نێوان هەموو پارچەکاندا کە پێکەوە دیمەنێک دروست دەکەن..... ش.م.س لا٣٧٣)_٤٨_. بێگومان جەلادەتی کۆتر ئەمەی لە موسای بابەکی مامۆستایەوە وەرگرتووە، بیرمان نەچێت دکتۆر بابەک بەجەلادەت دەڵێت (عەدالەت شتێکە لە ئاستی ژیانی تایبەتی مرۆڤدا ناتوانین سەیری بکەین، بەڵکو لەسەر ئاستی هاوسەنگییەکی گەردوونی لە نێوان جوانیو خراپەدا دەبێت تەماشای بکەین، تۆڵە پەیوەندییەکی بەجوانییەوە نییە، حەقیقەت پەیوەندیی بەجوانییەوە هەیە..... ش، م، س لا١٩٦)_٤٩_. هەر ئەم گۆشە نیگایەشە

بۆ (عەدالەت) کە لای جەلادەتی کۆتر دووبارە دەبێتەوەو لە وتاری دەسپێکی (شەوی حیساب) دا بۆ هەیئەتی دادگا تایبەتەکەی ڕووندەکاتەوە کە (مرۆڤ عەدالەت لە کتێبەکانی قانوونەوە فێر نابێت، لە فەلسەفەکانەوە فێر نابێت، بەڵکو عەدالەت لە ئازارو گوناهەکانی خۆیەوە فێر دەبێت..... ش، م، س لا١٠٥)__٥٠_. واتە عەدالەت شتێک نییە حازرو ئامادەو بێسەرئێشە لە دەرەوەی خۆمان وەریگرین، بەڵکو ئەزمونێکی زاتی مرۆڤەکانەو دەبێت بەکردەیی‌و بەشێوەیەکی زۆر هونەرمەندانە مومارەسەی بکەین، ئەگەر هونەرمەندانەش لەگەڵیدا مامەڵە نەکەین واتە وەک ئەوەی جەلادەتی کۆتر دەڵێت ئەو پارچەیەی دەستمان لە جێی خۆیدا دانەنێین ئەوا نەک وێنەی عەدالەت تەواو ناکەین، بەڵکو وێنەکەش تێکدەدەین‌و کاری خەڵکانی دیش دەشێوێنین، بەڕای من جەلادەتی کۆتر لەم پرۆسیسەدا سەرکەوتوو بوو، بۆیە مردنی بابلی بەسەرکەوتنی جوانی لەقەڵەم دەدات، بێگومان جەلادەتی کۆتر بەتەنها لە دانانی پارچەکەی دەستی خۆی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو لەوەشدا سەرکەوتوبوو، کە توانیی سەرجەم پارچەکانی وێنەکە لەتابلۆیەکدا کۆبکاتەوە (واتە ئەڵقەی پێکەوە گرێدانی کۆمەڵێک پارچەی جۆراوجۆر بوو، کە هەموویان پێکەوە وێنەکەیان تەواو کرد)، چونکە بەر لە هەموو شتێک توانیی مرۆڤە تۆڵەسێنەکەی ناخی خۆی بکوژێت، لێرەشەوە توانیی ناخی جەللادەکەی بەرامبەری پاکبکاتەوەو بیکاتە مۆسیقارێکو دەرئەنجامیش بابلی وەک مۆسیقارێک مرد، نەک وەک جەللادێک (ئەمەش ئەو گۆشەیەیە کە حەلیم شێواز نەیدەبینی بۆیە کوشتنی بابلی بەسەرکەوتنی ڕاستیی ڕووکەش بەسەر ڕاستیی حەقیقیدا لەقەڵەم دەدات)، هاوکات جەلادەتی کۆتر توانیی قوربانییەکان بهێنێتە گۆ، بێ سانسۆر قسەی ناخی خۆیان بکەن، بێگومان ئەمەش کارێکە هەروا ئاسان نییە کە تۆ کەشێکی وا بڕەخسێنیت قوربانییەک بێ هیچ فشارو ڕوپامایەک قسەبکاتو چ قسەیەکیش؟ داوای ئازادکردنی جەلادەکەی بکاتو هاوکات قەناعەت بەخوێنەریش بکات کە ئەو داوایەی داوایەکی لۆژیکییە، واتە قسەکانی بێبەڵگەنین، گرنگتر لەوەش هەست بەوە ناکەیت کە ئەم بەرگریکردنە لە جەللاد لە گرێی خۆبەکەمزانین‌و ساویلکەییەوە سەرچاوە بگرێت ( وەک ئەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو ساویلکەو خۆبەکەمزان بووە لەبەرامبەر ئەویدیدا)، بەڵکو لە قەناعەتێکی قووڵی زاتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەزموونی ژیان‌و نەهامەتییەکان فێری کردوون، بێگومان هەر خولقاندنی ئەو کەشوهەوایە بۆ خۆی بەشێکە لەو پارچەیەی کە تابلۆی جوانی تەواو دەکاتو بەشێک لە عەدالەت بەرجەستە دەکات، هەر ئەم کەشوهەوا ئازادو دادپەروەرانەیەشە وایکردووە خوێنەر کاتێک بۆچوونی ئەوانە دەخوێنێتەوە کە جەخت لەسەر کوشتنی بابلی دەکەنەوە بۆ ئیستێ لەگەڵیاندا هاوڕایەو ئەوان بەحەق دەزانێت، بەڵام کاتێک دەست دەکات بەخوێندنەوەی بۆچوونی ئەوانەی کە لەگەڵ ئازادکردنی بابلیدان بەهەمان شێوە ئەو بۆچوونەی لا گەڵاڵە دەبێت کە حەق لای ئەمانە، بەڵام لەڕاستیدا دەشێت بڵێین حەق‌و ناحەقی لای هیچ لایەکیان نییە، بەڵکو هەریەکەیان پارچەیەکی وێنە حەقیقییەکەیان لایە، جەلادەت توانیی هەموو ئەو پارچانە کۆبکاتەوەو وێنەیەکی جوانیان لێ دروست بکات، واتە جەلادەت توانیی زەمینەیەک بخولقێت کە جەللادو قوربانی ئاوێتە ببن، لێرەوە جەللاد هەندێ خەسڵەتی قوربانی‌و قوربانی هەندێک خەسلەتی جەلاد هەڵدەگرێت، لەهەندێ حاڵەتدا تاوانبار ڕۆڵی دادوەر دەبینێتو دادوەرو قوربانی ڕۆڵی پارێزەر دەگێڕن، لەوانەیە ئەمەش بەشێک بێت لەو هاوسەنگییەی کە لە نێوان چاکەو خراپەدا هەیەو دکتۆر موسای بابەک ئاماژەی پێدەکات، بابەک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە تۆڵە پەیوەندیی بە جوانییەوە نییە، حەقیقەت پەیوەندیی بەجوانییەوە هەیە، لەوانەیە حەقیقەتەکەش ئەوە بێت کە کاراکتەری پارێزەرو دادوەرو قوربانی‌و جەللادو.. لە یەک چرکەدا لەهەموویاندا بوونی هەبێت، واتە حەقیقەت ئەوەیە قوربانی نابێت هەموو گوناهەکان بخاتە ئەستۆی جەللادو هاوکات نابێت جەللادیش پاساو بۆ تاوانەکانی بهێنێتەوەو دادوەرو پارێزەرو عاریفەکانیش نابێت لە ڕوانگەیەکی سادەوە مامەڵە لەگەڵ دوالیزمەی جەللادو قوربانی‌و تاوانبارو بێتاواندا بکەن‌و لەسەر ئەو بنەمایەش بڕیار بدەن،

لەم ڕوانگەیەوە ئەو حەقیقەتەمان لا ڕوونتر دەبێتەوە کە مرۆڤ لە کتێبەکانی قانوونو فەلسەفەکانەوە لە هارمۆنیای عەدالەت تێناگات، بەڵکو عەدالەت لە ئازارو گوناهەکانی خۆیەوە فێر دەبێتو پەی بەنهێنییەکانی دەبات.

لەوانەیە بوترێت دواجار (تۆڵە) بڕیاری خۆی دەداتو کوشتنەوەی بابلیی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بیرمان نەچێت هەرچەندە تۆڵە لە تابلۆکەدایەو هەیە (تۆڵەش غەریزەیەکە هەروا بەئاسانی ناتوانین لە ناخی مرڤەکاندا خامۆشی بکەین) ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوەش حەقیقەتێکی جەوهەرییە کە بەتەنها تۆڵە وێنەکە دروست ناکات، بەڵکو کۆمەڵێک پارچەی دی هەیە کە لەدروستکردنی وێنەکەدا کاریگەریی جەوهەرییان هەیەو بەجۆرێک (تۆڵە) دەشارنەوە کە دەیکەنە پارچەیەکی هەرە بچووکو نادیاری تابلۆکە، لەو پارچە گرنگانەی کە تۆڵە تا ئەندازەیەکی زۆر بچووک دەکەنەوە زۆرن بەنمونە:

- ڕاستە سامیری بابلی دەمرێت، بەڵام بیرمان نەچێت وەک جەللاد نامرێت، بەڵکو وەک مۆسیقارێک دەمرێت، واتە لەم حاڵەتەدا جەللاد خۆی لە ناخی قوربانییەکاندا نەچاندووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە قوربانی ماهییەتی خۆی لە ناخی جەللاددا چاندووە، کە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەی جوانییەو یەکێکە لە داوا سەرەکییەکانی حەلیم شێوازو فیعلەن دێتە دیش، بەڵام لەبەر ئەوەی (شێواز) ئەم پارچەیە وەک کۆتر نابینێت، بۆیە مردنی بابلی بە سەرکەوتنی جوانی نازانێت.

-مەسەلەیەکی دی کە (تۆڵە) لەو تابلۆیەدا بچووک دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕاستەو ڕاست مردنی بابلی یەکسانە بەکوشتنەوەی (جەلادەتی کۆتر) ی دادوەرو قوربانیو ڕێکخەری دادگاکەش، چونکە جگە لەوەی کە پیاوەکانی دەسەڵات بوونو مانەوەی بابلییان لا گرنگەو ژنەکەشی (خانمی شاناز سەلیم) یەکێکە لە کەسە دەسڕۆشتووەکانی وڵاتو خودی کۆتر باش دەناسێتو ئاگای لە چیرۆکی دادگاییکردنەکەشی هەیە، هاوکات جەلادەتی کۆتر ئەو داوایەی بابلی قبووڵ دەکا کە داوا دەکات بەفلوتەکەوە بینێژنو ئەسپەردەی بکەن، ئەو فلوتەش بەڵگەی بوونی کۆترە لە پشت ئەو پرۆسیسەوە، واتە لێرەدا لای کۆتر کوشتنەوەی بابلی بۆ تێرکردنی غەریزەی تۆڵەسەندنەوە نییە، بەڵکو بۆ تەواوکردنی تابلۆی جوانیو عەدالەتە کە ئامانجی هەرە باڵای جەلادەتی کۆترەو ئامادەشە لەو پێناوەدا خۆی بکاتە قوربانی، ئەرستۆش ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە سزادان بۆ تۆڵەسەندنەوە بێت، بەڵکو پێویستە مەبەست لێی ڕێزگرتنی یاسای باو و نەزمی گشتیی کۆمەڵگە بێت، دکتور جمال مولود ژیبان /تطور فكرة العدل فى القوانين العراقية القديمة لا ٢٥-٢٦)_٥١_.

-خاڵێکی دی کە بەشێکی دیکەی تابلۆکە پێکدەهێنێتو هارمۆنیا بەرجەستە دەکات، بریتییە لە دروستکردنی گومانێکی قووڵ لە سەر خودی عەدالەت، کە خوێنەری سادە وادەزانێت ڕەتکردنەوەی ڕەهای خودی جەوهەری عەدالەتە، بەڵام لەڕاستیدا مەسەلەکە ڕەتکردنەوەی مەسەلەیەکی بەوجۆرە گرنگ نییە، بەڵام شتێک کە ئەم ڕۆمانە فێرمان دەکات ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەو گومانە قووڵەوە پێمان دەڵێت: ڕاستە ڕەتکردنەوەی ڕەهای عەدالەت ئەستەمە، بەڵام هاوکات لەوەش ئەستەمتر ئەوەیە کە بەئاسانی تێی بڕوانینو بێ سێو دوو کردن پێناسەیەکی دیاریکراوی بەسەردا بسەپێنینو وابزانین عەدالەت بریتییە لە جێبەجێکردنی تێکستێکی یاسایی وشکو بەجێگەیاندنی میزاجی دادوەرێکی پشت کورسییەک، شاری مۆسیقارە سپییەکان پێمان دەڵێت بۆ بەجێگەیاندنی عەدالەت یان ڕاستتر بڵێم بەشێک لە عەدالەت، پێویستیت بە لەسەر وەستانو بیرکردنەوەیەکی قووڵ هەیەو خێرا یەکلاییکردنەوەی بریتییە لە دروستکردنی دۆزەخ، بۆیە هەوڵێکی جدی لەو تێکستەدا هەیە بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی عەدالەت وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

مەسەلەیەکی گرنگتر ئەوەیە ئەو ڕۆمانە پێمان دەڵێت جێبەجێکردنی عەدالەت کاری دادگاو یاساکان نییە، ئەوەندەی کاری سەرەکیی هەر یەک لە مرۆڤەکانەو هەمووان پێکەوە دەتوانین جێبەجێی بکەینو دانانی بەشەکانی تابلۆکە کاری هەموانەو هەر بەوجۆرەش دەتوانین هارمۆنیاو هاوسەنگی لە نێو تابلۆکەدا بەدیبێنین.

کەواتە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی، دروستکردنی گومانی قووڵ لەسەر خولیای عەدالەت، سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی، هێنانە گۆی قوربانییە ڕاستەقینەکان، بەجەلاد نەبوونی قوربانی (لەفەزا گشتییەکەدا)، پاککردنەوەی جەللادو بەمۆسیقار بوونی، بەقەقنەسبوونی جەلادەتی کۆتر لەو پێناوەدا...و کەم تا زۆر بوونی ئەو هەشت خاڵەی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن، بریتین لەو بەشە جیاوازانەی کە جەلادەت توانیی پێکەوە تابلۆی جوانیان لێدروست بکات، هەربۆیە مردنی بابلی بەلای ئەوەوە سەرکەوتنی جوانییەو هەر خوێنەرێکیش دەرک بەمە بکات کوشتنەوەی بابلی تووشی شۆکی ناکات.

بەم پێیە لەو قسەیەی موسای بابەک تێدەگەین کە بەکۆتر دەڵێت: (من بڕوایەکی گەورەم بەتۆیە، من دەزانم تۆ سەردەمێکی ترسناک دەژیت، دەردی گەورەت توش دەبێت، بەڵام دواجار تۆ شتێک دەکەیت بە هیچ کەس ناکرێت..... ش، م، س لا١٩٣)__٥٢__

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

٢.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٤

٣.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٩

٤.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٣٧٥

٥.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٣٧٥

٦.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٤

٧.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٤

٨.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٦

٩.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٦

١٠.دکتۆر حەسەن عەلی زەنون فلسفه القانوون لا٩٨)__١٠__.

١١.دکتۆر حەسەن عەلی زەنون فلسفه القانوون لا٩٧)

١٢.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٦

١٣.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

١٤.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٧

١٥.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

١٦.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٥

١٧.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

١٨.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٩

١٩.الدکتور جمال مولود ذیبان تطور فکره العدل تطور فکرة العدل فی القوانین العراقیة القدیمة» لا ٢٥-٢٦

٢٠.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٩

٢١.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٦

٢٢.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٨

٢٣.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

٢٤.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٢

٢٥.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٥

٢٦.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٥

٢٧.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٥

٢٨.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

٢٩.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٣٧٥

٣٠.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٩

٣١.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

٣٢.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٩

٣٣.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥٢٦

٣٤.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥٢٦

٣٥.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥٢٤

٣٦.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥٢٤

٣٧.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥٢٤

٣٨.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٣٧٣

٣٩.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٣٧٣

٤٠.دربارەی عەدالەت__ برداشت هایی فلسفی. اتفرید هوفه لا ٣٠

٤١.دربارەی عەدالەت__ برداشت هایی فلسفی. اتفرید هوفه لا٣٦

٤٢.السیاسه بین النظریه والتطبیق/ د.محەمەد علی محمد، عەلی عەبدول مەعاصی محەمەد لا ٣٨

٤٣.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٨

٤٤.دربارەی عەدالەت__ برداشت هایی فلسفی. اتفرید هوفه لا٣٦

٤٥.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٨

٤٦.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٩

٤٧.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٧

٤٨.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٣٧٣

٤٩.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٦

٥٠.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ٥١٠

٥١.الدکتور جمال مولود ذیبان تطور فکره العدل فی القوانین العراقیه القدیمه لا ٢٥-٢٦

٥٢.(شاری مۆسیقارە سپییەکان) لاپەڕە ١٩٣.